www.kurdistannet.org
2-5-2003 22:31

**بە ناوی کوردستانی گەورە !**

# دەردە کورد - تابلۆ مووزیکاڵ

**ح. س. سۆران**
soran909@hotmail.com

نەخۆشی دنیا گەلێکن، هی هەر نەتەوە و گەلێکن، ناوی هێندێکیان ئەمانەن، کە دەردی سەختی زەمانەن: گرانەتیٚ و شەپلە و هاری، شێرپەنجە و گولی و فێداری، تاعوون و سیل و لاڕەشە، هەزار پەتای دیکەش هەشە، کە ناسراوی پزیشکانن، زۆریان دڕن و بیٚ دەرمانن، بڕێکیش سووک و ئاسانن، بەڵام دەردێک نەناسراوە، نە لە کتێباندا نووسراوە و نە ئاماژەی پێکراوە، کە ناوی ئەو **دەردە کوردە**، دەردی هۆزی کاوەی گوردە، دەردی لاو و پیر و وردە، نەک لە جێیەک، لە پێنج جێیە، لە چوار گۆشەی ئەم مەڵبەندە، هەر جیٚ دەردی خۆی بە جوێیە !.

ئەم وڵاتی کوردستانە، بەهەشتێکی گەورە و پانە، پانی پێنج هێندەی لوبنانە، زێدی مرۆڤی چازانە، بەرجەوەندی جۆراوجۆرە، تایبەتمەندی زیاد و زۆرە : لێڕەوارە، کیلگە و هەردە، بۆ زەنوێری و تەرزی فەردە، زەردە، بەردە، قەڵای مەردە، بەڵام مینگەی غەم و دەرد و ئاخی سەردە.

هەرێمێکی زۆر عەجیبە، شانۆی دەگەشەو فەریبە، **خەڵووز سپی، بەفر رەشە**، جەمعی **دو لەگەڵ دو شەشە**، گەلاوێژ سیس ودامردو، قالۆنچە چاوانی گەشە، **زۆر شت هەیە بەڵام نیە، کەم شت نیە، کەچی هەشە**، لە **قوم گوم بیٚ گوێرەکەیەک**، ئەو رۆژە عازیەتی مەشە !.

ئەم وڵاتە چاکە پاکە، ئەم خەزێنەی خاکە تاکە، پێشینەی روون و رووناکە، لە سەری چەن داعبای دڕن، خەریک کێشەو مشت و مڕن، دۆست و دوژن هەڵئەدڕن، زۆرداری دژی قەباڵە، مەنتیق لەلای ئەو بە تاڵە، ڕوژمنی قانوونی ژینە، کەنگیٚ گوێی لە خاوەنماڵە !.

لە ولاتی من - لە قەڵاتی خەباتی من، حەق ناحەقە، نا حەق حەقە، یا سا لارە، **تەقەو لەقە، جێگەی لەقە و تەقە و شەقە**، خەڵک دیلن، وا زەلیلن، یەخسیری دیلی زنجیرن.

لەم کێوانە، گورگ شوانە، پارێزەری رەوە و **رانە، پەری پیسە، درنج جوانە، تیغەڵە کول لەمەیدانە، شیری ژیان لە کالانە، شێری ژیان لە نێو لانە، وەستا ژێر دەستی شاگردە**، کەسایەتی وا شکاوە، ورد و پردە.

لە دیاری من جاشان باشن، باشیش جاشن، هەر چی جاشە، دەم هەراشە، ئەوەش باشە تەڕەماشە، تەرد کراوە، دەربەدەرە، پڕ کەسەرە، یا لە کێوە و جێی ئەشکەوت و چۆڵ و تاشە.

لەم ولاتە، نامەرد مەردە، مەرد نامەردە، پیاوی ئەمین وەها تەردە، چەۆساوەیە وەکو بەردە، دۆزینەوەی هەرداوهەردە، **سەرۆکی مەن دز و جەردە**، ئەوەی مەردە، بەشی جەورە، چارەنووسی کێشەو دەردە.

**هەر کەس ئەدیب و زانایە، تۆپەوانە لە دەمیایە**، بە عاستەمیش دەنگی نایە، **ماموەستای ساختەگیش زۆرن**، بەڵام زوربەی پیاوی بۆرن، هێندیٚ منداڵی خۆخۆرن، بڕێک چرچ و زۆر نەخۆرن، هێندیٚ **مۆڕ و بیٚ هونەر و لەندەهۆرن**.

دڵسۆز دوژمن بە میللەتە، سیخوڕ خاوەنی عیززەتە، داشدای مەن چەتە و مەتە، ئەوەی زیتە و بلیمەتە، خراوەتە ژێر سەوەتە، نابیغەش بیٚ تەرد و رەتە یا بەشی و پەتە، حاڵی زارە، ژینی ژارە، ژاری مارە.

لەم ولاتی رۆژهەڵاتە زمان هەیە، زمانی کۆنی ئەم گەلەیە، هێندە کۆنە کەس نازانیٚ هینی کەیە، بەڵام حەبس و قەدەغەیە، **کۆتر و کەو باشترن لەو**، ئەزانی بۆ ؟ - **پاکی ئەدوێن بە زمانی خۆ**، ئازادترن، لە هەزاری وەک من و تۆ.

لەم محاڵە، ژین محاڵە، قوڕ و قەپی قەڕن و ساڵە، زاڵم زلە، زوڵم زاڵە، خەڵک جوڕڕەن، ئەویش داڵە، زمان تورموز، قەڵەم لە بەند، سانسۆر ئەکەن ملقوتی رەند.

لەم مەڵبەندە گزە باوە، مەکۆی جەردە و چاووڕاوە، پیاوی دروست لێی قەوماوە، ناوی پیاوچاکان ئەزڕینن، ریشەی شەرافەت دەردێنن، شووشەی کەرامەت ئەشکێنن، **بە پێچەوانە ئەنووسن، شێعری ژاپۆنی ئەخوێنن**.

ولاتی من پڕ سنوورە، سەرحەدداتی جووراوجوورە، یەک نزیک و چواری دوورە، چ لەملاوە، چ لەولاوە، **داگیرکەر مەرزی داناوە**، بە گۆترە خەتتی کێشاوە، دو لای سنوور هەردو یەکن، هەر خاکێکن، لە گشت بابەتێکەو تەکن.

لەم ولاتە کوردان زۆرن، چل میلیۆنن، جۆربەجۆرن، رەشن، کاڵن، مۆرن، بۆرن، گا ئێرانی بیٚ وەجاخن، فارسن، ترکن، ترکی شاخن، لە هێندیٚ جێگەش عەرەبن، خوللەس قوڕەیشی نەسەبن، مەرزداری داوتەڵەبن، یەکجار سەیرە، هەم فارس بی و هەم سامیش بی، گا ئەرمەنی و ترک و کوردی هەورامیش بی.

لە وڵاتی من میوان خێوە، خیو دزیوە، لە کن میوان داعبای کێوە، خانەخوێکە بێگانەیە، ئامانجی تیری تانەیە، عەجایەبی زەمانەیە، **راستیەکی ئەفسانەیە، ئێمە پاکمان کەڵەشێرین، هەر چەند کەڵین، هەر چەند شێرین، بە خۆخۆری یەکجار فێرین، سەقەت بە یەکتر ئەوێرین، بۆ تەرازو وەک پارسەنگین، هەر کات ویستیان پیاوی جەنگین، وەختیٚ وتیان وست و مەنگین، بە پێی زەمان وا ئەگۆڕێین، هەزار رەنگین.**

له وڵاتی من گریان باوه، ئه‌وه‌ش لاوه و باوکی ماوه و کۆسپێکیش له‌و نه‌قه‌وماوه، دایم خه‌ریک زاری و قاوه، فرمێسکی چاو به لێشاوه، بزه‌ی سه‌ر لێوان فه‌وتاوه، به‌زه‌ی نێو دڵان سووتاوه، خه‌ڵک مۆن و له‌ڕ و شینن، خه‌ریک شینن، سیپاڵ ره‌شن، دایم غه‌رقی خۆ کوشتن و سنگ کوتینن.

له‌م هه‌رێمه پیاو قاتیه، ئه‌ڵێن تاقه پیاوێک نیه، ئه‌گه‌ر بشبێ سه‌هیونیسته یا سیخوڕه یا کافره و دینی شڕه، یا شه‌ڵواری پیسه و دڕه، قه‌حتورریجاله له‌م نێوه، خه‌ڵکی پاکی جنن و منن و خێو و دێوه.

هه‌مو دینێ جێگه‌ی رێزه، کوانێ رێگه‌ی قێز و بێزه، دینی ئێمه لایان دێزه، به ده‌گه‌شه‌و تێزه‌ی نێزه، هه‌وڵ ئه‌ده‌ن بیفه‌وتێنن، مێشکی هه‌مو بشۆنه‌وه و گشتیان له دین وه‌رچه‌رخێنن.

له‌م مه‌ڵبه‌نده جوانی نه‌نگه -قافیه ته‌نگه - ئه‌وه‌ی مه‌نگه و شۆخه‌و شه‌نگه، به‌شی جزیه و زه‌بر و زه‌نگه، باری سه‌نگه، کاری له‌نگه، ئه‌مه‌ش وا دژوێن و پیسه، ریشی وه‌ک هینی ئیبلیسه، سه‌رده‌سته‌ی ده‌سته‌ی دزانه، حاجاغایه یا ره‌ئیسه، وه‌ک خۆره‌یه، دژی کزان و بزانه.

له‌م هه‌رێمه بوختان زۆره، قسه‌ی سه‌یر جۆربه‌جۆره، میلله‌تی من شه‌ڕفرۆشن !تێ ئه‌کۆشن، ئاوردێنن، ئه‌یگیرسێنن، ئه‌چن له به‌غدا و ئانکاڕا ماڵی خه‌ڵک ئه‌سووتێنن، سه‌ران ئه‌بڕن !، ئه‌خنکێنن، گازی خه‌رده‌ل ئه‌پژێنن، له سامه‌ڕڕا و به‌م و ئیزمیر، سه‌رباز ئه‌گرن، ئه‌نفال ئه‌که‌ن، داگیر ئه‌که‌ن یا حه‌شیمه‌ت ئه‌تارێنن.

له دنیادا هونه‌ر به‌رزه، جێگه‌ی رێزی خه‌ڵکی عه‌رزی، هه‌ر چه‌ند لێره‌ش فراوانه، به‌ڵام گوناح و تاوانه، دوژمنی کیژ و لاوانه، مه‌کڕوهه به‌سته و گۆرانی، چ بادینی، چ گۆرانی، چ سۆرانی، لێره هونه‌ر ئه‌هریمه‌نه، نه‌گبه‌تیه و لۆمه و په‌نه، گۆرانی ئێمه نگریسه، دزراوی ده‌ستی تاتلیسه، هه‌ر چه‌نده خه‌ڵکی بتلیسه - چه‌ته‌یه‌کی خۆماڵیه، دزێکێ پیس و خه‌بیسه.

له‌وڵاتی من دز ئازاده، ئه‌وه‌ی چه‌وته که‌یفی شاده، پیاوی دروست نامراده، به‌رتیل ئه‌خۆن وه‌کو باده، زیندان جێی عیسانی چاکه، شه‌ره‌ف پیسه، پیسی پاکه، جێگه‌ی خه‌ڵک وا گۆڕراوه، پاکی و پیسی تێکه‌ڵاوه.

له‌م هه‌رێمه که مه‌ڵبه‌ندی شه‌هیدانه، شه‌هیدی ئێمه شه‌یتانه، قاتڵ جێگه‌ی رێزلێنانه، ئه‌وه‌ی ریشی گه‌زێ پانه، به ناو ئه‌ڵێن موسوڵمانه، که چی دوژمنی عیسانه، فاچه‌ڵفیچه، قسه‌ی قۆڕ و پووچ و هیچه.

له‌م دیاره ریش حاکمه، ئه‌وه‌ی له نێو ریشا قومه یا کاشیه و خه‌ڵکی قومه، وه‌کو دیزه، ده‌ست له که‌مه‌ر له پشت میزه، ره‌ش و حیزه، قوڵته‌شه‌یه و زۆر به فیزه، شه‌و خه‌وی خۆی ئه‌ره‌وێنێ، به هۆی به‌رده پێی قه‌زوێنێ، نێو چاوانی ئه‌شه‌مزێنێ یا ئیستیکانی لێ ئه‌گرێ و ئه‌یژاکێنێ، تا وه‌کو زاهید بنوێنێ، به ده‌ستی خۆی روی ره‌ش ئه‌کا، خۆی ئه‌شقه‌ڕ وعه‌بره‌ش ئه‌کا.

تێبینی کوردستان نێت:

ئه‌م نووسینه ده‌ربڕینی بیروبۆچونی خاوه‌نه‌که‌یه‌تی، کوردستان نێت له‌ناوه‌ڕۆکه‌که‌ی به‌رپرسیار نییه.

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت